## 21ی ئازەر لە بیرەوەریەکانی حاجی عەوڵای قازیدا

کۆماری کوردستان بۆ بە هێز کردنی ئەرتەشی خۆی دوو دەستە دانشجووی نارده تەورێز وباکۆیە.ئەمن بۆ تەورێز و کاکەرەحمانیشم بۆ باکۆیە بەرێ کراین.دەستەی ئێمە کە 33 کەس بووین هەمووی کوردبووین. ئەو دانیشکەدەیە لە فرۆکەخانەی تەورێز دانرابوو.دانیشکەدەی نیزام دەستووری دابووکە دەبێ بە ماوەی 6 مانگ ، ئێمە بە تەواوی فێری هەموو پسپۆڕیەکانی نیزامی بکەن.هەریەکە تەختە خەوێکیان بۆ دیاری کردین بە مەلافە و دۆشەگی زۆر عالی و پەتوەکانی 3 قامک ئەستوور بوون.دیارە ئەو شتانە تایبەت بە ئێمە بوون وجێگاوبانی تەورێزیەکان زۆر خراپ بوو. دۆشەگی ئەوان یا گەڵا هەرزنی تێدابوو یا کا. ئەوجار لەوشوێنەی ئیمە زیاتر لە 30 ژن هەر چێشتیان لێ دەنا و شیووکوڵیان بۆدەکردین.خواردنی ئێمە تایبەتی بوو ولە سەر میز بۆیان دەچنین و وەک ئەوانی دیکە نەبوو کە سەفیان دەگرت وبۆخۆیان وەریان دەگرت . غەزای ئێمە نەدەدرا بە سەربازان ومەنجەڵی ئەوان بە جوێ بوو وئەگەر پڵاو وگۆشتیان دابا بە ئێمە ئی ئەوان شولە بوو. دیارە ئەمن بەوە زۆر ناڕەحەت بووم و هەر ئەوکات بۆم دەرکەوت کە کومونیستیش بەرابەری تێدانیە.لە دەوری ئەو پادگانەی ئێمە دا، دەبوایە دایم دوو ئەسپ سوار کە شیریان بە قەدیەوە بوو ، بێ برانەوە کێشک بکێشن لەولاشەوە مقەڕێکی گەورەی تۆپخانەی رووسانی لێ بوو. ئێمە سەرجەم 3 مانگ لەوێ بووین.عوروس وتورکی قەفقازی دەرسیان پێ دەگوتین. دوکتورێکی رەشی ناحەزی نا قوڵای لێ بوو. تورکی قەفقازی بوو . تورکی تەورێزیش لێی حاڵی نەدەبوو. دەرسی برین پێچی فێری ئێمە دەکرد و دەیگوت ئەوەڵین کارێکی کە دەبێ ئێوە فێری بن برین پێچیە، بۆ ئەوەی بریندااران لە مەرگ نەجات دەن و بیگەیەننە شوێنی خۆی . رۆژێک دەرسی دەگوت هەر دەیگوت : سیچرمێش ئێرە، دیچرمێش، ئێرە ، ئێمەش نەماندەزانی ئەوە مانای چی یە . بە دەنگی بەرز هەموومان وێکڕا دەمانکوتەوە و ببوە گۆرانیەکی تەواو . ئەوە ئەویش پێی وابوو ئێمە زۆرباش حاڵی بووین ، هەر پێدەکەنی . ئیدی نەیدەزانی کە ئێمە یەک کەلیمەش حاڵی نەبووین تا رۆژێک داوایەکمان نووسی کە ئێمە کوردین و تورکی نازانین. لە سەر ئەو داوایە دەرسەکەیان بۆ گۆڕین و کردیانە فارسی. گروهبانێکی ئەرتەشی شای دواتر پێی گوتین کە سیجرمێش برینی سەر نێزەیە و دیچرمێش برینی گولە یە و ئەو کێشەیەی بۆ حەل کردین. ئەفسەرانی ئەو دەورەیەی ئێمە زۆربەیان فارس بوون و لە تارانێ را هەڵاتبوون . ئەوانە زۆر دەهاتنە لای ئێمە و تورکە کانیان خۆش نەدەویست . لە نێو ئەوانەدا ئەفسەرێک بوو بە نێوی سولتان بیگدلی کە زۆرمان خۆش دەویست.

ئەوشوێنەی ئێمە 3 تەیارەی فانتێری لێ بوو . رۆژێکیش ئەفسەرێکی ئێرانی بە نێوی سولتان رەزا ، لە فەوجی یەکی ژومارە 26ی تارانێ ، تەیارەیەکی رەشی رفاند و هێنایە ئەو شوێنە . ئەوجار فڕۆکەوانەکانی ئەو تەیارانەش حەقیان نەبوو لە کێوی سورخابێ زیاتر تێپەڕن ، چونکە پێیان وابوو هەڵدێنەوە بۆ تارانێ . رۆژێک سولتان رەزا گورانی بێژێکی تەورێزیی هێنابوو بۆ ئەوەی لە سەرشاری بیگێڕێ ، کە تەیارەکە هەستا لە نەکاو لە ژێر کونترۆڵی بورجی جاوەدێردا نەما و لەسەر تەورێزێ ون بوو. فەرماندەیەکی هێزی ئاسما نی کە ئەرمەنیەکی چاوشین بوو بە ماشێنێک کە موسەلسەلی لەسەر دابەسترابوو ، خۆی گەیاندە تەیارەیەکی هانتێر و لە حاستە خۆی بە پەلە بڵێندبوو. دوایە بە فەوری نیشتەوە وهاتە لای ئێمە و گوتی کوردەکان سواری دووماشێنان بن وبچنە مەیدانی

سەعاتی لەوێ تەیارەکە کەوتوە بیهێننەوە . ئەگەرچووین کەلاکەکەیان تازە لابردبوو مێشکی بە عەرزیەوە نووسابوو. ئێمە لەت وپەتی تەیارەکەمان کۆکردەوە و هێنامانەوە .

لەو ماوەیەدا ئێمە تفەنگی برنەویان دابووینێ کە لەسەر قونداغەکەی نێوی خۆمان هەڵقەندبوو هەروەها بە هەر 10 کەسان تیربارێک و یەک تێرفیشەکیان داینێ . دیارە فەرماندەری دەستەکان ئافتاماتیان پێ بوو .

لەوسەرووبەندە دا گرووهبانێک بە نێوی گروهبان قازی کە لە ئەرتەشی شاهەنشاهی رای کردبوو و لەوێ کردبوویانە سەرهەنگ ، لە شەڕی قافلانکۆیەدا کووژرا. ئێمەیان نارد تەرمەکەمان هێناوە ولە قەبرستانی سەید هەمزە دوای نوتقێکی زۆر ناشتیان .

ئەوجار وەزعی پادگان بە تەواوی گۆڕدرا و نەیاندەهێشت هاتووچۆی شاری تەورێز بکەین و زۆر توندیان گرتبوو وتەنانەت چەند سەربازیش نەیاندەوێرا لێک کۆببنەوە ، ئەوەندە خەفەقان بوو. ئەوکات زۆرجار تەیارەیەکی زەلامی موسافیربەری لە نێوان تەورێز و تاران را هاتووچۆی دەکرد .ڕۆژێک تورکێک پێی گوتین کە پێشەوا لە فرۆکەخانەیە ، ئەمەش بە غار خۆمان گەیاندە فرۆکەخانە . پیشەوا کە زانی لەوێین کۆی کردینەوە و قسەی بۆ کردین و گوتی : ئازاو بە غیرەت بن ، لێرە خۆتان بە فەقیر مەزانن ، ئێوە کەم نین. ئێوە نموونەی میلەتێکن و کورد هەموو چاوی لە ئێوەیە.

لەگەڵ خراپتر بوونی وەزعەکە ، ڕۆژێک بە بیانووی ئەوەی کە براکوردەکان لە بەرەی سەقزی هیچیان نیە و دەیانەوێ هێرش بکەنە سەر شاری سەقز وتا کرماشان بگرن ، یەکی یەک پەتوویان لێ ئەستاندین . ئەوە ئەتۆ مەزانە کە رووسەکان دەیانهەویست وردەوردە بێ ئەوەی کۆماری ئازەربایجان بزانێ ، چەک و چۆڵ و شتە باشەکانیان لێ بستێنێتەوە .

ئێوارەیەکی ئێمەیان بردە تەورێز ولەلای مەیدانی سەعاتی جێگیربووین ، ئەفسەرەکان پێیان گوتین کە شاربۆمباران دەکرێ و ئێوە دەبێ نە هێڵن قەرەپشی وڵاتی تاڵان کەن وئەگەر ماڵێک وەبەر بۆمب کەوت دەبێ بریندارەکان زوو بۆ نەخۆشخانە راگوێزن وبۆخۆشیان چوون لە ساڵۆنی گەورەی فەرمانداری دا کۆبوونەوەیان هەبوو. دووسەعاتیان پێ چوو هەر نەهاتنەوە وئێمەش لە بن دیواران هەردانیشتبووین وساردبووینەوە .دوایە ئەفسەرێک و گوروهبانێک هاتن و هەڵیانئەستاندین و دەستووریان پێ داین کە بگەڕێنەوە. نەزم نەمابوو، جاران بەندی قەیتانی کەوشت کراباوە حەقت نەبوو لە سەف بێ یەدەر وتوندی بکەیەوە . ئێستا شڕو وڕ بە رێیە و بە بێ رێیەدا دەرۆیشتین و تفەنگیشمان پێ نەبوو تەنیا گرووهبانەکە ئافتاماتێکی پێ بوو. لە قەراغ شاری تووشی 12 ماشێنان بووین ، گوتیان ئەوە بنەماڵەی پێشەوەری وژنراڵەکانن کە بەرەو عوروسیات هەڵدێن . ئەوجار ماشێنی پێشەوەری کە یەکی رەشی تازە بوو هات و بەتوندی تێ پە ڕی . بەدوای ویدا ماشێنێکی دیکە هات ، ئەفسەرێکی بە بنەماڵەوە تێدابوو، رایگرت و ئەفسەرەکە گوتی ئەوە بۆوا بێ ئێنزباتن و بۆ وادەکەن.گروهبانەکە کە ئافتاماتێکی پێ بووتێی راخوڕی و جنێوی پێدا و گوتی ئەوە هەڵدێن وئێمە بەرەڵلادەکەن وتەسلیمی ئەرتەشمان دەکەنەوە تا بمانکوژن.وردە وردە حەشیمەت لە کۆڵان و خەیاباناندا کۆببوونەوە و راگەیاندراوی پێشەوەری لە سەر شەڕ نەکردن بڵاوببۆوە .جاران کە بە خەیابان دادەرۆیشتین کەس نەیدەوێرا چاومان لێ بکا ، ئەوجاروەختە بووسواری سەرمان بن.تاهەرچۆنێک بوو گەیشتینەوە پادگانێ .

ئەمن زۆر ماندوو بووم و لە سەر روو لە دیوەکەی خۆم لە سەر تەختەکەم درێژ ببووم . برایمی بابانزادە کە خەڵکی مهاباد بوو و پیاوێکی قوڵە خڕەی تێک سڕماو و زۆر زیرەک و وریا بوو، هاتە ژووریٚ و کوتی : کوڕە ئەوە ئەتۆ بۆ نوستووی ، راستەوە بە ، نازانی تێکچوە، دەمانکوژن.

کوڕە ئەوەی مەڵێ زمانت دەبڕن .

کوڕە هەستە ، تێکچوو، دەرپەڕە ، لە ئێمە زیاتر کەس نەماوە، دەبێ هەڵێین.

ئاخر بۆ کویٚ هەڵێین ئێرە سۆفیانە نزیک تەورێزە ، هیچ کویٚ پێ نازانین.

نازانم هەستە.

هاتینە دەریٚ ، لەولاتر تۆپخانەی عروسان باری دەکرد و بۆ پارێزگاری لە خۆ و بە پێی قاعیدەی ئەرتەش لە خۆڕا دەوروبەری خۆی دەکوتا. چووینە بەر دەرکی باشگای ئەفسەران ، سێ چوار قولدور مولدری لێ مابوو، ستوان سێیەک و گروهبانێک موسەلسەلیان دانابوو و هەڵیان دەتوقاند و دەیان گوڕاند. نەخۆش و پەرستاری نەخۆشخانەکەش وەک مردوو لێیان هاڵابوون و رەنگیان بە رووە نەمابوو. لەبەرخۆمەوە کوتم نا تێکچوە ، چاو جاران ئینزبات چۆن بوو و شەپکە چەندە توندبوو، ئێستا ئەو کەسافەتانە دەڵێن وادەکەین و وابچێ.

دیارە هەر لەو ماوە کورتەی دا ئەسلەحەکان دزرابوون . ئێمەش کەرەسەکانمان لە ئەنباریٚ دابوو دەرکەش قفڵ درابوو و هاچەریش بە ئەفسەرێک بوو ئەویش هاڵاتبوو. بە ناچار دەرکەمان بە قوڵینگی شکاند . هەر کە دەرکە کراوە بوو بە پالە پەستۆ و هیچمان مۆڵەتمان بە هیچمان نەدەدا کە بە شێنەیی هەرکەسە ساک و کەرەسەی خۆی دەربێنیٚ ، پاڵەپەستۆیەک بوو مەگەر خودا بزانیٚ ، یەک یەکی دەکێشا، یەک دەکەوت ، یەک هەڵدەستاوە، یەک لە دەرکەی گیرابوو. ئەوەی کە دەڵێن لە حیجازیٚ خەڵک دەبەر پێیان دا دەست و لاقیان دەشکێ ، شتێکی سەیرنیە ، سەیر ئەوەیە ئەو 40،50،کەسە وەختەبوو دەبن پێیان دا دەست ولاقیان بشکێ . ئەمن هەر هاوارم دەکرد ، کوڕەوامەکەن ، کوڕە هەتائێستا هەموومان دەردێنا ، بەڵام هیچ فایدەی نەبوو. ئەوجار نەماندەزانی چ بکەین و بۆ کویٚ بچین ؟ دەی با بەرەو تەورێز بڕۆین . سەربازێکی فەقیر لەویٚ بوو کێشکی دەکێشا ، پێمان کوت کاکە بڕۆ تێکچووە. ئەوجار بەو چۆڵ و سەحرایەدا بەرەو تەورێز کە نزیک سەعات و نیوێک دوور بوو، وەڕێ کەوتین . لەوماوەش دا تەقەش دەستی پێکرد ، پەرستارەکان و هێندێک خەڵکی دیکەی تەورێزیش کە زۆربەیان ئافرەت بوون ، لەگەڵ ئێمە کەوتن وسەرجەم بووینە 60 کەس. فەتاحی ئەسحابی و عەوڵای قازی زادە کە خەڵکی مهابادیٚ بوون ، دەگەڵمان نەکەوتن و نەهاتن بۆ تەورێزیٚ ئەوان دوو تفەنگی سەربازخانەیان دەست دابوویە و بە پێیان بە کوێرە رێیان دا چووبوونەوە مهابادیٚ.

دوای سەعات و نیوێک گەیشتینە نێوشاری . دەبوو بە نێو بازاڕیدا بچینە موسافیرخانەی ژاڵە . لە چەندشوێن سەربازی بەدبەخت لە سەرپۆستی خۆیان هەر مابوون ولە ئیمەیان دەپرسی کە چ قەوماوە،ئێمەش پێمان دەگوتن کە بچنەوە ماڵی خۆیان. گە یشتینە بەردەرکی موسافیرخانەی ژاڵە ، گوتمان ئەگەرئاوابچین، زۆرین دەترسێن و دەرکەمان لێ ناکەنەوە ، بۆیە باشترە بە فێڵ بچینە ژووریٚ . بەشێک لە قاناوی بەردەرکەی دا خۆمان شاردەوە وئەمن و دوو نەفەر بەگزادە چووینە بەردەرکەی و لە دەرکەمان دا . دەرکە بە حاستەم کراوە و کوتیان کێن ؟ ئێمەش کوتمان مەرەخەسیمان هەیە و شتمان لێرەیە و هاتووین وەریان گرینەوە . دەرکەیان بۆ کردینەوە و ئیدی نەمانهێشت دەرکەی داخەن . عالەم

خۆیان دەژووریَ هاویشت . کابرا گوتی ئەگەر وام زانیبا دەرکەم بۆنەدەکردنەوە، گوتمان عیلاج نیە. موسافیرخانە پڕبوولە کۆچەر (مهاجر) ی باکۆیە ، زۆربەیان دوکانیان هەبوو و زۆریشیان ئەرمەنی بوون بەڵام بە تورکی قسەیان دەکرد ، ئەوانە زۆر لە مەترسی دابوون و دەیان کوشتن .

ئێمە سەرجەم 13 رۆژ لەو موسافرخانەیە ماینەوە تا شار وردە وردە ئارام بۆوە . لەو ماوەیەدا زۆر جار لە مەترسی زۆر گەورە کەوتین و چەرمەسەریمان زۆر دیت. لەو ماوەیەدا 70،80،کۆچەر (مهاجر) لە کورتە شەڕ یا دەستکردنەوەدا کوژران دەنا شەڕێکی وانەبوو تەنیا غوڵام یەحیا ، کە ئەفسەرێکی زۆر ئازا بوو دەیگوت ، ناچم بۆ شوڕەوی و لە کێوی قافلانکۆ دەمێنمەوە و شەڕدەکەم . غوڵام یەحیا هەر لەو شوێنە پردێکی رووخاند و دەیهەویست شەڕ بکا بەڵام روسان بە زۆر بردیان .

ئەوجار کومیتەیەک پێک هاتبوو کە بۆ کەوڵی هەر کۆچەرێک 72 تمەنی دیاری کردبوو . لە راستیدا کۆچەرەکان هەموویان یان بە ماڵ و منداڵ خۆیان دەماڵان هاویشتبوو، یان هەڵاتبوون . ئەوەی باس دەکرا سەرجەم لەو رەشە کوژی و هاڵوزی یەدا 10 تا 20 هەزار کەس لە کۆچەر و خەڵکی دیکە کوژران . زۆربەی ئەوانە تەورێزی بۆخۆیان کوشتیانن . ئەوان کومیتەیەکی قۆڵ سووریان بۆ پشتیوانی لە حکومەتی شای دامەزراندبوو ، ئەوجار زۆر ئەفسەری توودەییش کە لە تارانێ را رایان کردبوو و هاتبوونە نێو فرقەی دێمۆکرات و دەماڵان دا خۆیان شاردبۆوە کوژران و ئیعدام کران ، تەنانەت چونکە فەرماندەری گشتی لەشکری ئێران ناوەندەکەی لە مهابادێ بوو، دواتر 16 کەس لەو ئەفسەرانەیان هێنا لە مهاباد ئیعدامیان کردن، کە خەڵکی شار بە خێری خۆیان شوشتیانن و لە قەبرستانی شار ناشتیانن.

هەرچەند ئێمەش وەک کۆچەر بەحیساب دەهاتین بەڵام باش بوو نەکوژراین . لەو ماوەیەدا رۆژێ هەر یەکە لەتەنانێکی سەنگەکمان بە پێنج قران لە موسافرخانەکەی دەکڕی و جارجاریش دەچووینە قاوەخانەی مەشەدی حەسەن و مەشەدی حوسێنی . نان و ماست و شتی وامان لێ دەکڕین . ئەوانە دووبرا بوون پێشتر لە قاوەخانەی زانکۆی ئەفسەری کاریان دەکرد بەڵام ئیستا پەڕۆی سووریان دەقۆڵ کردبووخەڵکیان دەکوشت. دیارە ئەوانە زۆریان یارمەتی ئێمە کرد و لە راستیدا هەر ئەوانە نەیانهێشت ئێمە بکوژرێین.

ئەوکات تەورێز نزیک بە 10 تا 20 هەزار فایتونی تێدابوو و موسافیر کێشی بەوانە دەکرا و ماشێن زۆر کەم بوو . خەڵک بەو فایتونانە بەرەو پێشوازی ئەرتەش چوون . لەشکر کە هاتە نێو تەورێزێ ئەوەڵ ژاندارم هاتەوە ، دوودانە جیبی شڕی شکاوی قوڕازەیان پێ بوو لەگەڵ چوار تانگی شکاو و زرێپۆشێک کە بە گوریس و پەتکی لە پاشی ماشێنیان بەست بوو و رایان دەکێشا و دەیان هێنا و دەیان برد . هێزە شەڕکەرەکەش بریتی بوو لە هیندێک سەربازی پوتین شڕی پێخواسی شڕ و وڕی کەساد . ئەوە هەموو نیروەکە بوو وئەگەر قۆڵ سوور و بەکرێگیراوی نێوخۆیی نەبایە ئەڕتەشی شای قەت چی بۆ نەدەکرا.

لە راستیدا کۆماری ئازەربایجان و کوردستان لەبەر ئەو هێزە نەبوو کە خۆی تەسلیم کرد ، بەڵکو ئەوە زەخت و زۆری ئەمریکا و ئینگلیس بوو کە روسەکانیان مەجبوور کرد ئەو ناوچەیەی بە جێ بێڵن و یەک پارچەیی ئێران بپارێزن.بە و شێوەیە ئەو دوو کۆمارە تیکچوون و وەک هەژار دەڵێ : دۆستە بێگانەکە قزە بوو.پشتی تێکردین و بە جێی هێشتین.